# هەڵبژاردەیەک لە شیعری ئەژی گۆران



## کە منداڵ بووم

کە منداڵ بووم
کۆلارەیەکی جوانم بوو
رەشەبای شار داوەکەی لە دەست پساندم
سەربەرەوخوار لێی رفاندم
ئێستاش هەر چەند کۆلارەیەک لە ئاسماندا بەدی دەکەم
لە پاسارێ بۆی دەچەقم
دەزووی تاسەی بۆ بەردەدەم
چاو بەدوایدا لەنگەر دەگرێ
کە منداڵ بووم کۆلارەیەکی جوانم بوو
رەشەبای شار لێی رفاندم

***

دەبێتە داوی خەم و زام
ئەویان دەبێتە کۆلارە و زام دەبێتە فەنەرێک
لە لەنگەری هەردووکیاندا
گڕ بەردەبێتە گریانم
کە منداڵ بووم کۆلارەیەکی جوانم بوو
ڕەشەبای شار داوەکەی لە دەست پساندم

***

دەکۆلارە بابردووەکەی دەم ڕەشەبا
ئەگەر بای وەشت هەڵی کرد
لە کاروانی سەرەوژووری هەورەکاندا
تۆش وەرەوە
ئەوە دەستم بەرز دەگرم
ئەگەر هاتی دڵنیا بە
فەنەری دەم کۆلارەکەم لە ئاسۆی چاوەکانتدایە
داوی فرمێسک لە پاساری زامەکانمدا
لە دڵمدایە
دڵم هێندە گەورە بووە
جێ هەواری خۆشەویستی
هەدووکمان و خۆشەویستی گشت دنیایە

١٩-٣-١٩٧٧

## دڕک لە سەر سینگم خوێن دەی گرێ

ناڵێم ئێستا خۆر هەڵنایە و ئاوا نابێ
ناڵێم تریفەی مانگەشەو
لە سەر سیلەی کۆڵانەکان خۆی داناگرێ
ئەرێ چیەی پێی هاتوچۆ لە کوێوە دێ
شەو مانگ دێت و ڕۆژ خۆر دەڕوا

لەگەڵ مندا هەرچی هەیە و لە سەر زەوی
بە دوای یەکدا دێن و دەچن
بۆت دەگەڕێن
بۆت دەگەڕێم
من و خۆر و تریفەی مانگ
هەر یەکەمان بە هیوای ئەو
ئەوی کەمان بۆت دەگەڕێ
خۆر حەز دەکات
بە پرچی خاوی جارانت
لێوی زەردەی کەلی بەیان
بە داهێنانی پرچی تۆ لە رەنگ بدا
رەنگی لەشی پایزانت لە سەر بگرێ
تریفەی مانگ چەند حەز دەکات
لەسەر لەشی پڕ ئارەزووت
بە ئەسپایی گوێ لە چپەی
خەوبینینی سمۆرەی سەر سینەت بگرێ
شەو حەز دەکات
رۆژ حەز دەکات
بە دوای شوێن پێی جارانماندا رچە بگرێ
جاران خەزان گوڵزارێ بوو
گوڵی رازی بەهارێ لێو
پەپوولەی لەسەر هەڵدەنیشت
ئێستا ناڵێم پەپوولە و گوڵ لە باخاندا نین
بەڵام بەهار
بە دوای باسی سەرگوروشتەی پایزاندا
شەو دەگەڕێ

ئەوەتەی تۆ
لەسەر لێوت دڵی منیشت هەڵقرچاند
گوڵە وردە سوورەکانیش
روو لە گزنگی خۆر ناکەن
کە بەیانیان
دەست دەبەم و گوڵێ لە یەخەی خۆم بدەم
نالێم ئێستا گوڵ ناپشکوێ
بەڵام درک لە سەر سینگم خوێن دەی گرێ و خوێنم دەسرێ
١٩٧٧-٥-٧

## نەبا غەریبێ جێت بگرێ

شەو درێژە و رێی بێداری
بێ هاورێیە نابڕێتەوە
بۆم نابڕێ
دەوەرە وەرە ئەی خەم
لە سەر لێوم
لە سەر چاوم
نەبا غەریبێ جێت بگرێ
وەرە ئەی خەم هەرگیز بێ تۆ
تەرزی رەزم
هێشووی هیوای شادی ناگرێ
ئەی فرمێسکی قەتیس ماوی دیدەی ئەسرین دڵۆپێ بێ
بڕژێ بەسەر بێداریمدا
رێگای دووری ئەمشەو ببڕێ
با پەپوولەی ئارەزووی شەو
لەبەر تیشکی ئەو فرمێسکە
لە دەم گوڵی یادگاردا

**بۆنی دەروونی پڕ گڕی بیرەوەریم تێر هەڵمژێ**
**وەرە ئەی خەم وەکو لاولاو**
**بە باڵای برینمدا هەڵچوو**
**ئەگەرچی تەمەنی ژینت**
**تاکو پایز بەرگە ناگرێ**
**بەڵام پایز شایی خەمە و لە جێی لاولاو**
**ئەو سەرچۆپی سۆزم دەگرێ**

١٦-٥-١٩٧٧

لەم سەرچاوەیەوە گواستراوەتەوە:

* ئەژی گۆران، نەبا غەریبێ جێتبگرێ،کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی ئەسعەد،بەغدا،ساڵی ١٩٧٨.

١ـ کە منداڵ بووم، ل ٩٠ تا ٩١.

٢ـ درِک لە سەر سینگم خوێن دەی گرێ، ل٩٦ تا ٩٨.

٣ـ نەبا غەریبێ جێت بگرێ، ل٩٩ تا ١٠٠.

